بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە (16) ساڵی ٢٠٠٨

**یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (23) لە 3/6/٢٠٠٨ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە(٧ )ی ساڵی / ٢٠٠٨**
**یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

بۆدابین کردنی نوا بۆ هاووڵاتیانی خاوەن داهاتی سنووردار، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن شوقە و خانووی نیشتەجێبوون دروست دەکات و بەناویان دەکات.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، وەزارەتی شارەوانی زەوی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات، بێ بەرامبەر بۆ ئەوەی شوقە وخانووی نیشتەجێبوونیان لەسەر دروست بکات.

**دووەم:** نرخی شوقە و خانووەکانی نیشتەجێبوون بە پێ ی ئەو خەرجیە دیاردەکرێت کە بەکردەنی تێیچووە لەگەڵ زیادکردنی (١٪)ی تێچووەکەی وەك خەرجییەکانی کارگێڕی، بەمەرجێك نرخی زەویەکە ئەژمار نەکرێت.

**ماددەی سێیەم:**

دەبێ ئەو کەسەی داوای بە ناوکردنی نیشتەجێبوون دەکات هیچ شوقە ، یان خانوویەکی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی بەناو نەبێت و سوودمەند نەبووبێت لە:

**یەکەم:** هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی دیکە لە هەرێمدا.

**دووەم:** ئەو سولفەی خانووبەرەی حکومەتی هەرێم داویەتی.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** لە ماوەی سی رۆژ دوای رەزامەندی لەسەر داواکەی، داوا کاری بە ناوکردنی شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون (١٠٪)ی تێچووی خەملێنراوی بەرایی دەدات.

**دووەم:** ئەو بڕە پارەیەی لەسەری دەمێنێتەوە بە گوژمەی مانگانە یان ساڵانە دەیداتەوە لە ماوەیەك دا کە لە بیست وپێنج ساڵ تێپەرنەکات.

**سێیەم:** ئەو کەسەی یەکە نیشتەجێبوونەکە بە ناوی دەبێت بۆی هەیە دوای (١٠) ساڵ لە رۆژی بەناو کردنەکەیەوە بیفرۆشێتەوە بە مەرجێك ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە، یەك جێ بیداتەوە.

**چوارەم:** ئەگەر خاوەن یەکەی نیشتەجێبوون پێش دانەوەی ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە کۆچی دوایی کرد، میراتگرەکان لەو گوژمانە دەبووردرێن کە لە ئەستۆی کۆچکردوو دەمێنێتەوە.

**مادده‌ی پێنجه‌م:**

وه‌زاره‌تی دارایی، پاره‌ی پێویست بۆ بنیات نانی شوقه و خانوه‌كانی نیشته‌جێبوون بۆ وه‌زاره‌تی ئاوه‌دانكردنه‌وه و نیشته‌جێكردن ته‌رخان ده‌كات.

**مادده‌ی شه‌شه‌م:**

ده‌بێ وه‌زاره‌تی ئاوه‌دانكردنه‌وه و نیشته‌جێكردن شوقه یان خانووه‌كه‌ی نیشته‌جێبوون به ئاماده‌كراوی بۆ نیشته‌جێبوون راده‌ستی داواكار بكات له ماوه‌یه‌ك كه له دوو ساڵ تێپه‌ر نه‌كات دوای پێشه‌كی دانه‌كه.

**مادده‌ی حه‌فته‌م:**

شوقه یان خانووه‌كه‌ی نیشته‌جێبوون له فه‌رمانگه‌ی تۆمارگه‌ی خانووبه‌ره‌ی تایبه‌تمه‌ند به مولكی صرف به‌ناوی داواكار تۆمار ده‌كرێت وده‌بێته بارمته‌یه‌كی ته‌ئمینی بۆ به‌رژه‌وه‌ندی حكومه‌ت به‌رامبه‌ر ئه‌و قه‌رزه‌ی ماوه‌ته‌وه، له‌گه‌ڵ ره‌چاوكردنی بڕگه‌ی (سێیه‌م) له مادده‌ی چواره‌می ئه‌م یاسایه.

**مادده‌ی هه‌شته‌م:**

شوقه‌كه یان خانووكه له ره‌سمی تۆماركردن له فه‌رمانگه‌ی تۆمارگه‌ی خانووبه‌ره بۆیه‌ك جار ده‌بووردرێت.

**مادده‌ی نۆیه‌م:**

ده‌بێ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و لایه‌نه‌كانی په‌یوه‌ندیدار هه‌ریه‌ك به پێ ی ده‌سه‌ڵاتی خۆی، پێڕه‌وو رێنمایی پێویست ده‌ربكه‌ن بۆ ئاسانكردنی جێبه‌جێكردنی حوكمه‌كانی ئه‌م یاسایه.

**مادده‌ی ده‌یه‌م:**

ده‌بی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و لایه‌نه په‌یوه‌ندیداره‌كان حوكمه‌كانی ئه‌م یاسایه جێبه‌جێ بكه‌ن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**ئەم یاسایە لە ١٥ی پوشپەڕ ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ٣ی رەجەب ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٦ی تەمموز٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .**

## هویەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دا کێشەیەکی بەر چاوو دیارە کە زۆرینەی فەرمانبەران و هاوولاتیانی کەم دەرامەتی گرتۆتەوە، وەلەبەر ئەوەی هەموو هاوولاتیەکیش مافی خۆیەتی شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێت و، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون ئەم یاسایە دانرا.